سەرۆک وەزیران پێشوازی دەکات لە سەرکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژاردنەکان

سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ دووشەممە پێشوازی کرد لە سەرکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و سەرکی بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژاردنەکان.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە راگەیەندراوەکدا باویکردووە" سەرکی ئەنجومەنی وەزیران پەداچوونەوەی کرد بد دوایین ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە بەیارە لە 18 ی کانونی یەکەمی داهاتوودا ئەنجام بدرێت و تەواوکردنی سەرجەم پەداویستییە بنەڕەتییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن بە دەنیابوون لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە کە خواستەکانی گەلی عێراق جێبەجێ بکات".

ئاماژەی بەوەکرد"سەرۆک وەزیران جەختی لەوە کردەوە کە دەزگاکانی دەوڵەت بە هەموو پێکهاتە مەدەنی و ئەمنییەکانیەوە ڕۆڵی تەواوی خۆیان دەگێڕن لە پێناو سەرخستنی ئەم شایستە دەستوورییە گرنگە".